لە هەولێر مەراسیمێک لە یادی مردنی مستەفا کەمال ئەتاتورک دامەزرێنەری تورکیا بەڕێوەچوو

لە شاری هەولێر یادی مردنی مستەفا کەمال ئەتاتورک بەڕێوەچوو.

ڕۆژی یەکشەممە 10ی تشرینی دووەمی 2024، لە شاری هەولێر مەراسیمێک بە یادی 86هەمین مردنی مستەفا کەمال ئەتاتورک دامەزرێنەری کۆماری تورکیا بەڕێوەچوو.

مەراسیمەکە لە کاتەکدایە دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا نوێنەرانی گەورەترین پارتی کوردی باکووری کوردستان و تورکیا (هەدەپە) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی هەولێر دەرکران و ڕێوانەی سلێمانی کران و کارەکانیان ڕاگیرا، بەبێ ئەوەی ئاسایشی هەولێر هیچ ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەم ڕووداوە دابێت.